
بەڵگەنامە

# نامەی سەیدا جاسمێ جەلیل بۆ سێرگێیەڤیچ گۆرباتچۆڤ

## بۆ سکرتێری گشتیی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت
## سەرۆکی دەستەی شوورای باڵای یەکێتی وڵاتانی سۆڤیەت هاورێ م.س. گۆرباچۆڤ
## زۆر بەرێز میخائیل سێرگێیەڤیچ

بەم زووانە تەمەنم دەبێ بە هەشتا ساڵ. ئەز لەساڵی ١٩٣٠ەوە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتم، یەکێکم لەبنیاتنەرانی ئەدەبی کوردی سۆڤیەتی، دانەری ژمارەیەك لەکتێبی قوتابخانەکانم، یەکەم سەرنووسەری گشتی ئێستگەی رادێوی بەشی کوردیم لەیەریڤان و، تارۆژی ئەمرۆش دڵسۆزانەو بەدڵ و بەگیان لەپێناوی پەیرەوی کردنی سیاسەتی نەتەوایەتیی لێنین لەوڵاتەکەماندا کاردەکەم، بێ سێو دوو لێکردن لایەنگری سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستم لەبواری گلاسنۆست و پێریێسترۆیکا. بەڵام هەندێ مەسەلە ناچارم دەکەن کە نامەیەك لەمەڕ ئەم بابەتەی خوارەوە ئاراستەی بەرێزتان بکەم:

لەکوردستانی دابەشکراو بەسەر تورکیا و ئێران و عێراق و سوریادا نزیکەی بیست و پێنج ملیۆن کورد دەژین. رووبەری خاکەکەیان خۆی دەدا لەپێنج سەد هەزار (٥٠٠٠٠٠) کم چوارگۆشە. زێتر لە ١٥٠ ساڵە خەباتی رزگاریخوازی کورد بەردەوامە. ئەوان بەدرێژایی هەموو ساڵانی خەباتیان چاوی هیوایان بڕیوەتە کۆمەکی برایانەی گەلی رووسیای مەزن، خۆڕا نییە میللەت ئەم قسە نەستەقەی پاراستووە: گەلی رووس ئومێدی ئەو گەلانەیە کە هیوای ژیانیان لەدەست داوە.

خەباتی پاڵەوانانەی کوردەکانی عێراق بەدرێژایی ساڵانی شەست بوو بەهۆی سەرسووڕمانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز لەئاسیاو ئەوروپادا، ئەودەمی لەلایەن پرێس و رادێو و تەلەفزیۆنی سۆڤیەتیشەوە تیشکی دەخرایە سەر.

لەساڵانی پەنگخواردوو و دواتریش یەك وشە لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتیی کوردان، تەنها یەك گوتن لەسەر ژینۆسیدی پەیڕەوکراو لەلایەن رژێمانی تورکیاو ئێران و دڕەندەیی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق نەگوتراوەو نەنووسراوە. ئەز ناخوازم بەدوورو درێژی باس لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی کورد بەدرێژایی ساڵانی ١٩٦٠–١٩٨٨ بکەم. دەمەوێ تەنها ئەمەی خوارەوە بخەمە روو:

لەم دواییەدا لە کوردستانی عێراق بەدەستی سەددام حوسێن زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند کوێرکراونەتەوە، هەزاران کۆمونیست و کوردی دیموکرات و مرۆڤی پێشکەوتنخواز بەبێ دادگا لە دار دراون و کوژراون ٨٠٠٠ بارزانی راگوێزاراون و دوورخراونەتەوە بۆ شوێنی نادیارو دواتریش بێ سەروشوێن کراون.

لەکوردستانی تورکیا دەیان هەزار نیشتمان پەروەر خراونەتەوە زیندانەوە، بەهەزارانیان کوژراون، خوێنی خەڵکی بێ تاوانی کورد لەکوردستانی تورکیادا دەڕژێ، ئەو ئەتکەی

لەلایەن تورکە بەربەرەکانەوە بەزیندانیانی ڕێگای ئازادی دەکریٚ، لەسنوور بەدەرە. شارەزاکانمان زۆرچاك ئاگاداری دڕندەیی حوکمڕانی عێراق و تورکیاو ئێرانن، بەڵام زۆر بەداخەوە دەوڵەت و پرێسی سۆڤیەتی‌و هەموو شێوەکانی تری ڕاگەیاندن لەئاستی ئەم مەسەلەیە بێدەنگن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتەکەی بانگەشەی ئەوە دەدەن کە وڵاتەکەی ئێمە پشت و پەنای گەلە زۆرلێکراوەکانی جیهان و گەلانی خەباتکەری ڕێگای وەدەسهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و مافی خۆبەدەستی خۆ بڕیاردانە، بۆیە من تێناگەم بۆ تائێستا دەوڵەتی سۆڤیەت و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن تاکە وشەیەکیان نەنووسی لەسەر ئەو ستەم و لەناوبردنانەی کە لەعێراق بەڕێوەدەبرێن، یان لەسەر هەڵڕشتنی بۆمبی کیمیایی لەلایەن فڕۆکەکانی هێزی هەوایی عێراق بەسەر شاری هەڵەبجەدا لە ١٦/ مارتی ١٩٨٨دا.

خۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەموو جیهان لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆریان گوت و تائەمڕۆش کەمتەرخەمییان نەکردووەو هەر دەیڵێنەوە و دەینووسن، بەڵام ڕاگەیاندنی ئێمە قڕوقەپیان لێکردووە.

ئایا کیٚ هەق دەدا بەئێمەی کۆمونیست کە بێدەنگ بین لەئاستی تاوانی لەناوبردنی هەزاران ئافرەتی بیٚ دیفاع و منداڵ و پیرو خورتی بیٚ چەکی کورد؟

ئەویٚ ڕۆژیٚ ڕۆژنامەی (ئیزڤێستیا) لەسووچێکی لاچەپدا نووسیبووی کە لەشەڕی نێوان عێراق و ئێراندا چەکی کیمیایی بەکارهێنراوەو هیچی تریش نا! کیٚ ئەم چەکەی بەکارهێناوە؟ لەکویٚ؟ دژی کیٚ؟ بۆچی؟.. .. ..

خۆ تاکە وشەیەك لەسەر ئەو بۆردومانکردنە بەربەرییە نەنووسرا بوو.

ئەز کوردێکی کۆمۆنیستی خاوەن ٥٨ ساڵ خەباتم، چاوم بەرایی نادا سەیری ناوچاوی گەلەکەم بکەم، ناتوانم هۆی ئەو بێدەنگییەیان بۆ لێك بدەمەوەو داکۆکیشم پیٚ ناکریٚ. ئەو هەموو کارەساتە لەکاتێکدا بوو کە بەملیۆنان خەرج دەکرا بۆ ڕزگارکردنی سیٚ نەهەنگە بۆرەکەی ئۆقیانووسی سەهۆڵ بەندی باکوور، من چاوم بەهەموو لاپەڕەکانی ئەو بڵاوکراوە کوردییانەدا خشاند کە لەدەرەوەی کوردستان چاپ دەکرێن، لە هیچ کامێکیاندا ڕستەیەکی دژ بەسیاسەتی بێدەنگی خۆمانم بەدی نەکرد لەمەڕ کارەساتەکانی کوردستان و لەبەین بردنی شاری هەڵەبجە، دیارە ئەوە شەرمە بۆ ڕەفتاری دۆستێك.

هیوادارم ئەو سیاسەتی گلاسنۆستەی کە لەلایەن هەموو گەلانی وڵاتەکەمان و خەڵکی پێشکەوتنخوازی جیهانەوە بەفراوانی پشتگیری لیٚ دەکریٚ، مەسەلەی کوردیش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەوە.

سیاسەتی ژینۆسیدو فاشیزم دەرهەق بەگەلی کورد بەهیچ پاساو نادریٚ. من پێم وایە کە ئەم سیاسەتە بۆگەنە شایانی توندترین نەفرەت لێکردن و ئابڕووبردنە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت و هەموو ئۆردوگای سۆسیالیستییەوە.

ئومێد دەکەم کە وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوەم لەلایەن هاوڕیٚو سەرۆکی دەوڵەتەکەمانەوە بدرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزی:

جاسمیٚ جەلیلی
ئەندامی پارتی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت
لەساڵی ١٩٣٠ەوە
ئەندامی یەکێتی نووسەرانی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٣٦ەوە

یەریڤان ٢٤/١١/١٩٨٨

نوسخەی دراوەبە
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی پراڤدا.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئیزڤێستیا.

ئەم نامەیە کاتی خۆی لەژمارە ( )ی گۆڤاری (مامۆستای کورد)و ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی (سەربەخۆیی)یش دا بڵاوکراوە.

# دەقی هەڵوێستی پشتیوانکارانەی ڕۆژنامەی ( پراڤدا )ی سۆڤیەتی لەرژێمی داگیرکەرو تاوانکاری عێراق لەکاتی کیمیابارانکردنی هەڵە بجەدا

## زۆر بۆ عێراق هێنان

**واشنتۆن-( پەیامنێری ( پراڤدا )١١ی سێپتامبەری ١٩٨٨**

واشنتۆن هەموو جارێ بەوە راهاتووە، کە (ئاکارو رەوشتی بەرز)ی خۆی وەك نموونەی سەرباشقەیی پیشانی ئەو دواییەی دنیا بدات بەڵام ئەمەی زۆر جار هەر بە مەشقێکی روو پامایی کارانەو نزم کارانە دەشکێتەوە. سیناتی کۆنگرێسی ئەمەریکا، بەیەك دەنگ ئەوەیان پەسەندکرد، کە سزایەکی قورسی ئابووری عێراق بدەن، چونکە بەوەیان تاوانبار کردووە، کە (بەشێوەیەکی ناقۆڵا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کردووە). یاسادانەرەکان دەیانەوێ قەرز بەم وڵاتە عەرەبییە نەدرێ، کەرەسەو تفاقی پیشەسازی نەوت دەرهێنانی پێنە فرۆشرێت و نەوتەکەشی لێنەکردرێت. هەروەها سوورن لەسەر ئەوەش کە دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێکخراوێکی دارایی نێودەوڵەتی لە دژی قەرز بە بەغداdان سازبکات.

عێراق چ سوێیەك (دەردێك)ی بە سیناتەرەکانی ئەمەریکا داوە؟ کت و مت مەسەلەکە هەر ئەو هەواڵە پڕ هاشەو تەماویو نادیارەیە، کە گوایە عێراق لەشەڕدا دژی کوردە راپەڕیوەکانی گازی ژەهراوی و کوشندەی بەکارهێناوە. ئەم هەواڵانەش تەنیا لە زاری چەند کوردێکی هەڵاتووەوە داکەوتوون.

هیچ بەڵگەیەکی جەوهەری تر بەدەست واشنتۆنەوە نییە لەگەڵ ئەوەشدا سکرتێری دەوڵەتی (شولس)و هەندێ کاربەدەستانی رەسمی تری ئەمەریکا لەم رۆژانەی دواییدا چەندەها جار عێراقیان تاوانبار کردووە، بەڵام سەرنجیشیان بۆ ئەوە راکێشاوە کە نوێنەری دەزگای سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا (چ. رێدمێن) بەهیچ شێوەیەك نایەوێت، لەوە بدوێ کە ئەم جۆرە تاوانبارکردنە لەسەر چ ئەساسێکە.

ئیدارەو کۆنگرێسی ئەمەریکایی بەهەمان کەللەرەقی ئیرەیی پێبراوەوە، ئەو بانگەوازەی- کە سەعدون حەممادی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی عێراق لەکۆنگرە رۆژنامەنوسییەکەی واشنتۆندا بڵاوی کردەوە- پشت گوێ خست و بایەخیان پێنەدا.

(سەعدون حەممادی) بەشێوەیەکی شکۆدارو چاك و کوت ومت، هەموو بەندو باوی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی رەت و پووچەڵ کردەوە، هەر نەشیاندەویست گوێی لێبگرن، چونکە ئەوان لەمەدا مەبەست و بەرژەوەندی خۆیان هەیە. بەهەڵەدا ناچین، ئەگەر بڵێین یەکێك لەو مەبەستانە- زۆر بۆ عێراق هێنانەو دەیانەوێ لەرووی ئابوورییەوە تەنگی پێهەڵچنن، بەنیازی ئەوەی (تەمێی بکەن و سەری پێدانەوێنن).

بەهەرحاڵ ئەو جموجۆڵ پێشنیارەی سیناتی ئەمەریکایی دەچێتە بەردەمی نوێنەرایەنی کۆنگرێس و واچاوەڕوان دەکرێ ئەوانیش بەگەرمەوە پەسەندی بکەن و پشتگیری لێ بکەن. دەست پێشکەرانی ئەم هەنگاوی سزادانە هەست بەوە دەکەن، کە یەکەندەر دوو و یەکسەر کار لەسەر عێراق دەکات چونکە وڵاتێکە بووە بەژێر قەرزی زۆری ٦٠ ملیارد دۆلارییەوە.

هەرچەندە بەشێکی کەمی نەوتەکەی عێراق، هەناردەی ئەمەریکا دەکرێت، بەڵام بەغدا لەباتی ئەمە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار لەشێوەی قەرزدا وەردەگرێت.

---

**ئەم دەقە وەرگێردراوە، لە ژمارە ( ٧ )ی گۆڤاری ( مامۆستای کورد )ی بەهاری ١٩٨٩ وەرگێراوە .**

**سەرخۆبوون**